## لە یادی ١٥ ساڵەی کۆڕەوەکەی خەڵکی کوردستاندا

# بۆچی کۆڕەومان کرد



**١٥ساڵ بەر لە ئەمڕۆ گەلی کوردستان تێکرا بڕیاریاندا ژیانی ئاوارەیی هەڵبژێرن نەک ژێردەستی، ئەمڕۆ پاش ئەو ڕووداوە پرسیارێک دێتە گۆڕێ و پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەویش ئەوەیە کورد لە دەستی ستەمکاری و دیکتاتۆرییەت کۆڕەوی کرد، ئایا ستەمکاری بنبڕکراوە؟**

**بۆ ئەم مەبەستە بیروڕای ئەم بەڕێزانەمان وەرگرت.**

ڕاپۆرت: نامق هەورامی/ فازڵ نەجیب



ڤینۆس فایەق /هۆڵەندا

## کۆچ و ئاوارە لە منداڵدانی کۆڕەوەکە هاتنەدەرێ

ئەوەی باوەڕم پێنەکردبوو و بەئەقڵمدا نەدەچوو ئەوەبوو کۆچ بکەین، بۆ؟ بەرەو کوێ؟ کە وتیان سبەی دەردەچین نەمدەزانی چ بکەم و بیر لە چی بکەمەوە، هەتا بەیانی بە چاوی کراوە مامەوە زۆرم هەوڵدا وێنەیەک بۆ کۆچ بکێشم نەمزانی و نشوستیم هێنا، ویستم قەسیدەیەک بۆ بنووسم هەرنەمتوانی و تەنیا دێڕێکیشم بۆنەنووسرا.. ئەزموونێکی هێند گران و بە ئازار بوو، ئەوەی بەبیرما دەهات پرسیار بوو، پرسیارێکی زۆر، بەڵام کەس کاتی نەبوو پرسیارەکانمی لێبکەم، کەس کاتی نەبوو وەڵامم بداتەوە .. لە بەر گرمەگرم و تەقوتۆق نەمدەتوانی دەنگیش بەرز بکەمەوە، لەناوجەرگەی شارا شوێن نەبوو خۆمان بشارینەوە، تەنیا بیرمان لای شاخ بوو، شاخ تەنیا هاوڕێمان بوو ئەو ڕۆژانە..

تەنیا شت لەبیرم بوو و نەمدەتوانی بەجێی بهێڵم دەفتەری شیعرەکانم بوو، تەنیا شت دەمتوانی بیر لە شاردنەوەی بکەمەوە، لەگەڕانەوەمان لە نیوەی ڕێ کە شۆفێرەکە سەرنجیدا دەفتەرم لەبن کراسەکەی بەرم لە سینگمدا حەشارداوە گوتی: ئەوە چییە؟، هەر لەخۆڕا وتم دەفتەری شیعرەکانمە، گوتی: دەتەوێت سەرمان بکەی بە قوڕدا؟ فڕێیدە، ئێستا بە خاڵی پشکنینی حکوومەتدا دەڕۆین.. ئەو چرکەیە بەدەستمبایە شۆفێرەکەم دەکوشت، وامدەزانی پێم دەڵێ نیشتیمان فڕێدە .. دەفتەرەکەم لێوانلێو بوو لە نیشتیمانپەروەری، پڕی بوو لە لاوانەوە بۆ کوردستان، پڕبوو لە داروبەرد و شاخ و داخی کوردستان، پڕپڕی بوو لە نێرگز و گوڵاڵەسوورە و قەزوانی شین و بەڕوو و درەختی گوێز.. دەستم کردە گریان و گوتم مەگەر خۆشم لەگەڵی فڕێدەیت، مەترسە ئەگەر گیراین ئەڵێم تەنیا من بەرپرسم لەم دەفتەرە..

گەیشتینە یەکەم شوێن لێی دابەزین لە ژێرزەمینی مزگەوتێک دایاننایین دەنگی هاواری ژنێک دەهات، هەرلەخۆڕا سەرم بردەژوورێ سەیرم کرد ژنێک کەوتووە و ژان دەیگرێ و تەنیا پیاوێکی بەدیارەوەیە، کەوتمە قسە لەگەڵیاندا زانیم پیاوەکە شووبرای ژنەکەیە و مێردەکەی ون و بێسەروشوێنە و بێ هیوابوون لە دۆزینەوەی، پیاوەکە داوای لێ کردم یارمەتیان بدەم، بەڵام تەنیا ئەوەی پێم کرا دەستی ژنەکەم دەگرت و عەرەقی ناوچەوانیم ئەسڕی، ژنێکی تر لەو ناوە بوو گوایا دەستی مامانی هەبوو دەهات



و دەچوو، لەناکاو منداڵێکی جوانی چاوگەش هاتە دونیاوە، بەڵام مەخابن، لەکوێ و چۆن و لەچ باروزرووفێکدا، کوڕیان بوو، ژنەکە گوتی: خۆزگە دەمرد، گوتم خوانەکا، پیاوەکە گوتی ناوی دەنێم "ئاوارە" ژنەکە وتی نا با ئەم خانمە ناوی بنێ، وتم "شاد" پیاوەکە گوتی: نەخێر ئێمە ئاوارەین و ئەبێت ناوی بنێم "ئاوارە"، من مامی منداڵەکەم، من ناوی دەنێم.. نەمتوانی زۆر بکەم، پیاوەکە لە حاڵەتێکدا نەبوو هیچی لەگەڵ بڵێم..

لە ژێرزەمینەکە چوومە دەرێ لەولاوە وتیان ژنێک منداڵی بوو، وتم منداڵەکەی ناونا چی؟ وتیان "کۆچ"، خەمێکی گەورە و قورس دڵمی گرت، وتم باشە بۆ قەدەری ئەو دوو منداڵە وابوو؟ خوا دەیزانێ چەند منداڵی تر ناویان نراوە "کۆچ و ئاوارە" هەروەک زوو ناو دەنران "شۆڕش و زریان و خەبات و شاخەوان و سەنگەر و هێرش و پاڵەوان و قارەمان و...هتد ئەو ناوانەی هەموو گوزارشتیان لە وەزعی کورد دەکرد لە سایەی ڕژێمە دیکتاتۆریەکاندا..

ئەو ڕۆژەی "کۆچ و ئاوارە" هاتنە دونیاوە ئەنجا توانیم تێرتێر بگریم ، توانیم بنووسم :

ئا لەو شاخە دستێکم بەجێماوە ئێستا بووە بە گوڵاڵەسوورە
ئا لەو کێوە قاچێکم جێماوە ئێستا بووە بە درەختی گوێز
ئا لەو مزگەوتە بینایم دانیشتووە ئێستا وەکوو چرا داگیرساوە
ئا لەو دێیە چاوم بێناز کەوتووە ئێستا بووە بە نێرگز لەسەر لاریدا ڕوواوە
ئەڕوانێتە ئەو شەقامەی لێوەی کۆچمان کرد و
لێوەی گەڕاینەوە دەڕوانێتە ئەو قەدەرەی بە کوردی نووسیویتی
ئەمڕۆ یادی کۆچە ئەمڕۆ ساڵیادی ئاوارەبوونمانە
ئەمڕۆ کۆچ و ئاوارە لەدایکبوون و
ئا لێرەوە تێپەڕین وهەر لێرەشەوە گەڕاینەوە..

**فرمان عەبدولڕەحمانی ڕۆژنامەنووس و ڕیپۆرتەر لە (iwpr)،**

## کۆڕەو لەگەڵ ئەوەی ڕەدکردنەوەی دەسەڵاتی بەعس بوو، لەهەناوی خۆشیدا پەیامێکی گرنگی هەڵگرتبوو

ئێمە دەبێت بپرسین بۆچی ڕژێمی بەعس بووبوویە ڕەمزی ستەمکاری و دیکتاتۆریەت، ئایا تەنها لەبەر ئەوەی عەرەب بوو؟. ڕای من وایە ستەمکارو دیکتاتۆر سیفاتی هەیەو هەر دەستەوگروپێک لەهەر ئاین و نەتەوەو ئایدۆلۆژیایەک هەڵگری ئەو سیفەتانە بێت، پێی دەوترێت ستەمکارو دیکتاتۆر".

فرمان عەبدولڕەحمان کە بە گوتەی نەوەی کۆن، پێی دەوترێت نەوەی دوای ڕاپەڕین، لەبارەی سیفەتەکانی دیکتاتۆرەوە دەڵێت "کۆبوونەوەی دەسەڵات لە گروپێکی سیاسی و ئامادەنەبوون بۆ دەست لێبەردانی و بوونی گەندەڵی و جیاوازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کوشت و بڕو لێپرسینەوەی خەڵکی بێ پشتیوان و دادگایی نەکردنی تاوانبارانی پلە باڵای حزب. ئەوانە سیفەتی ڕژێمی بەعسی بوون و خەڵکی لەترسی ئەو سیفەتانە هەڵهاتووە".

لەبارەی پەیامەکانی ڕاپەڕین و کۆڕەویشەوە گوتی"زۆرینەی ئەو پەیامە کوردانەی لە ڕاپەڕین و کۆڕەودا هەبوو، ئێستە چەند مەسئولێکی نامەسئول کە دەسەڵاتیان کۆنترۆڵ کردووە، ڕۆژانە تیجارەتی بەسەرەوە ئەکەن و ئەگەر بەزوویی چارەسەر نەکرێت، پێموایە ئەو دەسەڵاتە کوردیە دەبێتە هەڵگری هەمان ئەو سیفەتانەی لە بەعسدا هەبوون و ئەوکات نەوەی نوێ، کۆڕەوێکی دیکە ڕێکدەخەن و بەجیهان دەڵێن"ئێمە لەدەستی ستەمکاری هەڵهاتووین".

بەراوردکردنی کۆڕەوی هەموو کورد بە کۆڕەوی گەنجان لەژێر دەسەڵاتی ئیدارەی کوردیدا لای فرمان عەبدولڕەحمان مانایەکی تایبەتی هەیەو دەڵێت"بێویژدانیەکی گەورەیە بڵێین دەسەڵاتی کوردی بەتەواوی گەندەڵ و ستەمکارە، بەڵکو ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئەگەر ئەو دەسەڵاتە خۆی ئیسلاح نەکات و ڕێگە نەدات میدیاکان ڕۆژانە لەبارەی عەیب و عارەکانیەوە قسە بکەن و چەند چەتەیەکی دەسەڵاتیش لەکار نەخرێن، لەماوەی چەند مانگێکدا ئەو دەسەڵاتە هەرچی جوانی هەیە لەدەستی دەدات و ئەوکات کۆڕەوێکی گشتی پێویست دەکات، بەڵام ئەمجارەیان کورد و لەترسی کورد".



گۆران عەبدوڵڵا
بەرپرسی گشتیی سایتی دەنگەکان:

# دیکۆمێنتکردنی کۆڕە و ئەولەویەتی ڕەهەندەکانی یادەوەری ئێمەیە



دەکرێ لە زۆر دەرگاوە بێمە ناو ئەو باسەوە .من وەکو تاکێکی کورد، بیروەریی ئەم تراژیدیایە لەگەڵمدایە، کارەساتێک بوو دوورە لەوەی بتوانم، لە نێو وەڵامێکی یەک لاپەڕەییدا ئەو بیرەوەرییە چڕ کەمەوە. من وەکو تاکێکی بەرباران لە نێو ژمارەی بێ ئەژماری میللەتێکی ڕاکردوودا بەرەوە سنوورێکی دڕندەتر لەو سوپایە ڕاوی دەناین و دەڕۆیشتین، ئەو دەمیش و ئێستاش هەر لەو بڕوایەم کە ئەم تراژیدیایە بە هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە، دەبێ بنووسرێتەوەو دۆکیومێنت بکرێ، شایەنی ئەوەیە لە موزایەداتی ئیعلامی بێتە دەرەوە، ڕاپەرین بەهەموو کەموکوڕییەکانییەوە هەڵوێستێکی گشتیی خەڵکی کوردستان بوو، ئەم هەڵوێستە گشتییە لە باری مێژووییەوە بە دڵی زور کەس نەبوو، ئەم بە دڵ نەبوونە چەند بڕیاری گەورەی بە دوای خویدا ڕاکێشا، کە هێشتا خەڵک لە مەستی و هەڵپەڕکێی ئازاد بوونەوە بوون کە لێیان کرا بە سەرکوتێکی گەورەی خوێناوی، لێیان بوو بە کۆڕەوێکی گەورە، کە نوقمی کارەساتێکی کردن، هەر ئەو مرۆڤانەی چەند ڕۆژێک بەر لە دەست پێکردنی کۆڕەو تەلیسمی سوپاو دەسەڵاتیان تێک دەشکاند، ببوون بە مرۆڤی بێ ئاسۆی شەکەت لە نێو هەراو هۆریای دەورووبەری لۆریەکانی نان دابەش کردن لە سەر سنوور.

لە باری مێژووییەوە، پێویستە وردەکارییەکانی ئەم تراژیدیا گەورەیە بنووسرێتەوە، نووسینەوەیەکی دڵخوازانە نا کە بیکا بە کەرەستەی شین و ڕۆڕۆی داستان ئاسا، بەڵکو نووسینەوەیەک پلمیکی گەورەی زانستی بە دوای خویدا ڕابکێشێ، ئەو پرسیارانە بە دوای خویدا ڕاکێشێ کە ئەو برینە بکا بە هوشیارییەکی گشتی، بیکا بە ئامرازێک بو بەرگە گرتن لە تراژیدیاکانی و سزاکانی ئایندەی بەردەمی ئێمە و نەوەی تازەی ئەم میللەتە ئەگەر بیەوێ لە دووریانی تردا دەسەڵات و تەلیسمیتر تێک بشکێنێ.

لە گەڵ داگیرکردنی کوێت، دەورەیەکی تر لە میلتاریزەکردنی زۆر گەورەی تازەی سیاسەتی ئیقلیمی و جیهانی دەستی پێکرد، لۆژیکی پەنای ئەم میلتاریزە، پێش هەموو شتێک بە شوێن سۆراغی بەرژوەندییەکانی تەسک بێن و ستراتیژییەکانی خۆی بوو، ئەوەی لەوێدا هەر لەیەکەم گوللە و تۆپی شەڕدا بەهای نەما ئینسان بوو، موشەکیان بەماڵی سەدامەوە نەنا، بەڵکو بە وێستگەکانی ئاو کارەبای ماڵان و خەستەخانەکانەوە نا، ئەم کەللە سەرەی لە پەنای ئاکشنە گەورەکان و بڕیارەکانی ئەم شەڕە بوو، هیچ جیاوازییەکی نەبوو لە گەڵ ئەو کەللە سەرە عێراقییەی بە بەرگی مغاویرەوە گەنجانی کوێتی تەنیا لەبەر گەنج بوونیان لەبەردەرکی ماڵەکانی خویان ئیعدام دەکرد . ئەم دوو کەللە سەربازە عێراقی و ئەمریکییە لە ساڵی ١٩٩١ دا تا بۆیان کرا ئینسانیان کوشت، ئەمریکا گەمارۆی ( حەرەس جمهوری ) عێراقی دابوو، دواتر ڕێگای پێیان دا بگەڕێنەوە بۆ سەرکوتی ڕاپەرینی باشوری عێراق و کوردستان، ڕێگایان بە ئینسان کوژەکانی ( موجاهیدی خەلق ) دا شان بەشانی حەرەس جمهوری عێراقی سزای کورد بدەن و کۆڕەوی پێبکەن، سەرانی بەعس چەند تاونبارن لەم تراژیدیایە ئەوندەش ( شوارسکوف )ی فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەمریکا لەو سەردەمەدا لەگەڵ ( مەسعود ڕەجەوی) سەرۆکی موجاهیدی خەلق تاونبارن .

بۆمن ئەم جۆرە لە دۆکیومێنت کردن ئەولوەیاتی ئەو ڕەهەندانەش دیاری دەکا کە دەکرێ هەریەک لە ئێمە کۆڕەوەی پێ یاد بکەینەوە یان شی بکەینەوە، ئەگەر قسەکانم کورت کەمەوە، دەڵێم کۆڕەو بڕیاری دادگای میلتاریزمێکی لۆکاڵ و جیهانی بوو دژ بەوەی کە خەڵکی کوردستان ئیرادەی کردو تەلیسمی دەسەڵاتی تێک شکاند، ئەم سزادانە ترسێکی لە دڵمان جێهێشت لە گومان و لە ترس لە ئایندە، ترس و گومان لە یاری کردن بەو ٩٨٪ دەنگەی خەڵکی کورد دای بۆ جیابوونەوەی کوردستان، ترس و گومان لەو هەموو کۆبوونەوانەی لە تەلەفزیونەکاندا دەیبینین و نازانین لە سەر چی ڕێک دەکەون؟ سەردەم و زەمینەی سزا دانی گەورەتری ئەو میللەتە زیاد بووەو کەمی نەکردووە، ئەمە ڕەهەندێکی ترسناک و حازرە لە گەڵمان دەبێ بە جدی لە دەرگای بدەین بو ئەوەی بتوانین خەونەکانمان لە سبەینێدا لە سزاو لە گەمارۆ بپارێزین .

